

# کەڵبەی ماشێن

**سەلاح نیساری**
**(بۆکان)**

زۆر لە مێژ بوو ئاواتەخواز بووم هەروەک خەڵکی شارەکانی دەوروپشتمان منیش بتوانم ماشێنێک ساز بکەم و ئەو ئاواتەی لە دڵمدایە بۆم بێتە جێ! ئەو ماشێنە لە خزمەتی خۆم و خەڵکی شارەکەدا بێت. هەروەک لە مێژ بوو بەڵێنی سازکردنی ئاوا ماشێنێکم دابوو؛ دوای ئەوەی گەڵاڵەی سازکردنی ماشێنە بۆرم داڕشت، خەڵکم ئاگادار کردەوە و زۆرم قسە بۆ ئەو خەڵکە ڕەنجدەر و زەحمەتکێشە کرد، گوتم: «لە داڕشتنی گەڵاڵەی ماشێنەکە بوومەتەوە و ئەگەر ئێوەش حەز دەکەن لەو ژیان و گوزەرانە ڕزگارتان بێت و بۆ خۆتان وەحەسێن، هەمووتان دەستم لەگەڵ بدەنێ و با ماشێنە بۆر دروست بکەم.»

هێشتا نەگەیبوومە بنی قسەکانم، نەرمە بزە درزی خستە سەر لێوی ورد و درشتی خەڵکی شارەکەوە. تازە لێوی خۆرەتاو سنگی زەوی ڕاموسیبوو، ئەوانیش وێکڕا قۆڵیان هەڵماڵی و دەستیان دایە دەستی یەکتر و ملمان نا لە دروست کردنی ماشێنە بۆر.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەرەستەی ماشێنە بۆر تێک دەخرا و لە تەواو بوون نزیک دەبووەوە، خەڵکی شارەکە هەر نەدەیانزانی ماندووبوون چییە و کەسیش بیری لەوە نەدەکردەوە ئاکامی ئەو کارە بە کوێ دەگات، هەموو وایان دەزانی کار بۆ مزگەوت دەکەن و تاقە کەسێکیش پرتە و بۆڵەی لێوە نەدەهات؛ کاریش چی، تا بڵێی قورس و مەترسیدار بوو! ڕۆژ نەبوو کەسێک و دووان دەست و لاق و سەری نەشکێ. بەو حاڵەشەوە سەر خۆش و بە گوڕتر و لە کارەکە بە بڕشت بوون، سازکردنی ئاوا ماشێنێک بۆ خزمەت کردنی ئەو خەڵکە بێ زەحمەت نەبوو. ئاوی کانی نەبوو هەر ئاوا سووک و ئاسان بینی پێوە بنێی و قومی لێ بدەی. دەبوو سەر و دەست و لاق بشکێ و خوێنی بۆ بدەی! هەر بۆیە هەتا ئەو

ماشێنە زەبەلاحە هەڵچنرا، دوای شەلوکوت کردنی خەڵکی شارەکە چەند کەسێکیش سەریان دانا.

فەرمانی (سوکانی) ماشێنە بۆر بە دەست من بوو، یان باشترە بڵێم کلیلی هەڵکردن و کوژاندنەوەی بە دەستی منەوە بوو. ماشێنە بۆر وردە وردە کارەکانی بەرەو تەواو بوون ڕۆیشت و هەر ئەوەندەی مابوو ڕەنگ بکرێت و جەژنی بۆ بگرین و بیخەینەکار؛ دوای ڕەنگ کردن و ڕازاندنەوە، دەبوو نیشانەی خۆمانی پێوەبێ. وێنەی سیسارکە کەچەڵەیەکمان لە تەختی نێوچاوانی ماشێنە بۆر دا، دامانپۆشی و خەڵکی شارەکەمان ئاگادار کردەوە کە بەیانی لە مەیدانی گەورەی شار، ڕۆژی پەردە لادانە لە سەر ئەو ماشێنەی کە دەیان ساڵە چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکەین. ئەوەی پێی ڕۆیشتنی هەیە بێت و لەو ڕۆژە پیرۆزەدا بەشدار بێت. ڕەنگە ئەگەر بڵێم بەشێک لەو خەڵکە خەو نەچووبووە چاویان، شتێکی سەیر نەبێ؛ خەڵکیش ئەوەندە ساویلکە نەبوون بۆ پەردەلادان لەسەر ماشێنێکی ڕەق و ڕووق، ئەوەندە خولیا و بە تالووکە بن. نا ئەوان بۆیە هێندە ڕەنج و شەونخوونییان کێشا کە ئەو ماشێنە هەر نەبێ بە شێک لە کوێرەوەری و برسێتییان کەم بکاتەوە! ئاخر پێتان سەیر نەبێ کە ئەوەی لە زەویوزاری شارەکەی ئێمە گا دەیکێڵا، هەر بەشی گا بوو!

بەیانی مەیدانی شار لە خەڵکی ڕەش و بۆر، لە برسی و تێر، جمەی دەهات، ئەوەی تا ئەو ڕۆژە ماشێنە بۆری نەدیبوو، چاوێکی کردبوو بە چوار چاو و مەحتەل مابوون چاویان بە ئاواتی خۆیان ڕووناک بێتەوە. بۆ چەند خولەکێک لەسەر ئەو بستۆگەی کە ماشێنە بۆری لێ ڕاوەستا بوو، خۆم قیت کردەوە و چاوێکم بە حەشاماتەکەدا گێڕا و ملم نا لە مژۆڵیاشی؛ سەبارەت بە زەحمەت و ڕەنجی چەندان ساڵەی بابوباپیران پێیدا هاتم و باسی قازانجەکانی ماشێنە بۆرم بۆ دەمەزەرد کردنەوە؛ لە کۆتایی قسەکانمدا گوتم: «لە ئەمڕۆ بە دواوە کەستان ئارەقە ناکەوێتە نێوچاوانی و ئەوەی بە هۆی ماشێنە بۆرەوە بەرهەم دێت بەشی ئێوەیە، دەچێتە گیرفانی خۆتانەوە و هیچ سەر زلێک ناتوانێ هەشتێ لە مشتێ بۆ خۆی بەرێت. هەر کەسە و پیاوی خۆیەتی، لە هەر خێزانێک تەنیا کەسێک بەسە بۆ کارکردن و ئەوی دی کە بە ئاسوودەیی لاق ڕابکێشێت و بخواو پاڵی لێ بداتەوە! جا ئیدی جیاوازی نییە ئەو کەسە ژن بێ، یان پیاو، گەورە بێت، یان گچکە؛ هەر ئەوەندە ئێوە بەدەم ماشێنەکەوەبن کار تەواوە؛ ماشێنە بۆر لە چرکەیەکدا بە تەواوی خەڵکی شارەکە ڕادەگات! لە تەڕ بخۆن و لە وشک بخەون، کەس خەفەتی گوزەران و بەڕێچوونی نابێ!»

بوو بە هوراکێشان و چەپڵە لێدان. لەگەڵ سەرەژنێکی وێچوو، پەردەمان لەسەر ماشێنە بۆر لادا، دەنگی چەپڵە و هورا کێشان وەک هەور دەیگرماند، بە سیلەی چاو سەیری جەماوەری دەوروبەرم دەکرد، زۆر کەسم دەدیتن بە مۆڕەیەکەوە لە ماشێنە بۆر ڕامابوون، کەیفیان ساز نەبوو، خەمێک لە دڵیاندا هێلانەی کردبوو! نازانم، لە ڕەنگی ماشێنەکە دڵتەنگ بوون، یان لە وێنەی سیسارکە کەچەڵە بە تەوێڵی ماشێنە بۆرەوە.

***

مانگ و ساڵ هاتن و چوون، هیچ کە ئەو خەڵکە بەش مەینەتە لە سای سەری ماشێنە بۆر نەحەسانەوە؛ وردە وردە ماشێنە بۆر ملی لە خواردنی خەڵکی شارەکە نا! هەر چەندی دەستم تێوەر دا و بە دەور و پشتیدا هاتم، هیچم لەگەڵ پێ نەکرا؛ منێک کە گەڵاڵە داڕێژ و دروستکەری ئەو ماشێنە بووم، دەمتوانی تەواوی خەڵکی شارەکە بەرمە بەر دەمی و قووتی بدا، بەڵام نەمدەتوانی تاقە کەسێکی لەدەم بستێنمەوە.

**ڕێبەندانی ١٣٩٥ هەتاوی (٢٠١٦ز)**